www.kurdistannet.org
21-7-2006 14:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕۆژمێری من... ! بەهێز حوسێن

Bahez2005@ yahoo. com

من بۆ خۆم نە ساڵی هەتاویم و نە کریستیانیم و نە عەرەب، و نەچینی تا منیش ڕۆژمێری ساڵ و مانگ و ڕۆژم هەبێت جیاوازتر لە ڕۆژمێرە باوەکانی تر، بەڵام ڕۆژگار وای لێکردووم ببمە ئەستێرەناس و ڕۆژمێرێک بۆ خۆم دابێنم و خۆشم سەری لەبەر دەرنەکەم.
بۆ منی موچەخۆری کرێچی و قەرزدار ڕۆژمێر زۆر گرنگە و تەنانەت وام لێهاتووە کە خەریکە خۆم فێری ئەستێرەکشان و هەڵاتنی گەلاوێژ و هەڵکشان و داکشانی دەریاش دەکەم، ئەگەر دەپرسن بۆ ئەوا بە چەند دێرێکی کورت تێتان دەگەیەنم:
من دەبی شارەزای ئەو مانگانەبم کە سی ڕۆژی پڕن یان سی و یەکن یان بیست و هەشت و بیست و نۆ، کە بیر لە موچەوەرگرتنی مانگانە دەکەمەوە خەزدەکەم مانگ وەک مانگی شوبات بیست و هەشت ڕۆژ بن، بەڵکو ئەمە خوایە زوو زوو موچەوەربگرم، بەڵام کە حسابی کرێی خانووەکەم وەک خەیالێکی شەیتاناوی دێت و تێکەڵ بەم خەیاڵە جوان و دڵخۆشکەرەم دەبێت لەرز دام دەگرێت و هەر چوار پەلم وەک سزادراوێکی حوکمی سێدارە دێتە لەرزین، خێرا دڵ بە مانگە پڕەکانی وەک ئاب خۆش دەکەم کە 31 ڕۆژە، بەڵکو سەری مانگ درەنگتر بێت و ڕۆژێک پاشتر پارەی ڕەنجی مانگیکم بخەمە دەست خاوەن ماڵەوە.
کە دەکەومە هاوین خواخوامە زوو فرتە بکات و لە بێکارەبایی و بێ ئاوی و مۆشوولە و وڕە چاوچنۆکەکان نەجاتمانبێت و بگەینە زستان، ئاخر من کەی قونی موەلیدە و بەنزین کڕین و سپلیت و دۆندرمە کڕینم پێوەیە!؟ کە هاوینان دێت وێنەیەکی گەورەی زستاناوی شاخی پیرەمەگرونم هەیە لە ژووری نوستن هەڵیدەواسم و لە قرچەی نیوەڕۆ و ئەوپەڕی گەرمادا بە خانمە نەگبەتەکەم (هاوسەر) ەکەم ئەڵێم تەماشای ئەو کەلە بەفرینەی پیرەمەگرون بکە، زۆرجاریش بە قۆشمەوە پێی دەڵێم ڕێواسی ناسک ناخۆی!؟
هەر ئەوەندەم خۆشە کە ئەکەومە زستان ئیتر ئەو عەلادینە ژەنگاوییە دەردێنم کە ئەم زستان بۆ ئەو زستان ئەگەر نەوتی بایعی هەبێت خۆی نەک ئێمە گەرم بکاتەوە و ئەگەریش نا ئەوا هەر بۆ ئاوەدانی ماڵ دایدەنێن و خۆم و ژنەکەم بەدەم هەر هەڵلەرزینێکەوە سەد جنێو بە کێڵگە (کوردییەکانی) باباگوڕگوڕ و شیواشۆکە بۆگەنەکە ئەدەین، وام لێهاتووە کە بە تەماشاکردنێکی سەرپێیانەی ئاسمان و دەرکەوتنی تاسەکانی نێو ئەستێرەکانی کاکێشان خێرا تێدەگەم کە زستانی داهاتوو چەند تەزێنەر دەبێت.
بێگوێدانە هەڵکشانی تەمەن و لێنیشتنی چرچولۆچی لەسەر ڕوخسارم حەزدەکەم ساڵ خێرا بڕوات، بەڵکو قسەی سەرکردەکانمان وەک ئەوانی تریان بێتە دی و ئەمساڵمان باشتربێت لەپار.. بەڵام ترسی ئەوەشم لێدەنیشی کە وادەی ساڵی عەقدی خانووەکە تەواو دەبێت و ئینجا وەرە خەمی پێشەکی و دەی وەرە دوو ژووری نوی پەیداکە و (ترحیو) خۆ هێشتا قەرزی پێشەکی خانووی پارم نەداوەتەوە...
سەرتان نەئێشێنم من بۆ خۆم ڕۆژمێرکم هەیە لەماڵەوە کە تێیدا ساڵ هەر ساڵە و هیچ لەمەسەلەکەی من ناگۆڕێت، مانگ سی و یەک بێت یان چواردە ڕۆژ هەروەک یەکە من هەر خەت بەسەر ڕۆژ و مانگدا دەهێنم و ساڵ بەڕێدەکەم، زۆریش ئەترسم کە کچ و کوڕەکەم گەورە دەبن و دەگەنە تەمەنی هەژدەساڵیی بە پێی ڕۆژمێرەکەی باوکیان ئەوەندەی خەتکێشان بە ڕۆژمێرە تایبەتەکەمدا تف لە نێوچەوانم بکەن و بڵێن: بەخێر نەیەیتەوە بۆ خۆت و داهێنانت و ئەم تاکە داهێنانەم (ڕۆژمێرەکەم) بدڕێنن و بۆ خۆیان بیر لە داهێنانی ڕۆژمێرێکی تر بکەنەوە..